

# مارکس: دەتانەوێ بزانن دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا چییە؟ بڕواننە کۆمۆنەی پاریس!

**وەڵامی پرسیاری یەکەم:**

**من نازانم تا چ ڕادەیەك بەکارهێنانی ووشەی"گەڕانەوە" شوێنی خۆی گۆتووە. ئەگەر مارکسیزم، بیروباوەڕی چینێکی دیاریکراوە لە مێژوو و بنچینەی سەرهەڵدان و شێوە و ناوەڕۆکی پرۆسەی ژیانە ڕۆژانەکەی هێشتا تا ئەم چرکەیە، لە دەرەوەی ئارەزووی هەر کەسێك، درێژەی هەیە، ئیدی گەڕانەوە بۆ چی؟ ئەمە وەك ئەوە وایە، یەکێك بڵێ: بگەڕینەوە بۆ کۆمەڵگەی بەرهەمهێنانی کاڵا و بازاڕی کار یان بگەڕینەوە بۆ کارەبا بەکارهێنان!**

**ئەوەی بە پلەی یەکەم، بڕیار لەسەر شێوەی ژیانی ڕۆژانەی هەموو مرۆڤایەتی دەدا، بریتییە لە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل-تراکتۆر، تانك، فڕۆکە و هەزاران کاڵای تریش دەگرێتەوە.-، تەلەفزیون، کەمپیوتەر، جلوبەرگ، کۆنزێرڤ و پێڵاو و سەعات و قۆندەرە، هێشتا هەر پیشەسازییە و پەیوەندی کار و سەرمایە و مەرجە دیکتاتۆرییەکانییەتی. ئایا ئەم شێوە ژیان ڕێکخستنە، کۆتایی پێ هاتووە؟ ئەگەر نا، ئیدی چۆن یەکێك لە سەردەمیکدا هێشتا بیروڕا بە(فەتحفاڵ، چنۆکە، سورەتی ئەنفال و سەربڕین...هتد) لە بارەی بەسەرچوونی مارکسیزم دەدوێ؟ لە کوردستاندا، هەندێ بەناو ڕۆشنبیر" تازە بە تازە، بیرمەندانی ڕاسیزم و کۆمەڵکوژی وەك نیتشە و هایدەگەر بەشانازییەوە بڵاودەکەنەوە! یەکێکیان نووسیبووی(ئەو فەیلەسوفە کە دەیەوێ هەمووومان بکا بە شاعر!- مەبەستی نیشەیە-)... ئاخر چۆن منیش لە پێکەنین نەپچڕێم؟**

**با بە سەرڕاستییەوە بڵێن، هێشتا لە لایەکەوە، هیچ کەسێك لە ئێمە، نەگەیشتووەتە ئاستی ڕاڤەکردن، لێکۆڵینەوەی زانستیانە...هتد لە بارەی کۆمەڵگەی کاڵا و بەها و لایەنی پەرستن و نا پەرستنی(بڕیاردەری هەموو شتێك لە نێو گۆمەڵکا-، لەولایشەوە چەندین، عولەما، فەیلەسوف و بیرمەندی"گەورەمان" لێ پەیدابووە و ڕاگەیاندنەکان-سەربەخۆیەکانیش- لە خزمەتیانەو باس لە کۆتایی، مارکسیزم و بێ کەڵکبوونی مارکسیزم دەکەن و بە هەردوو دەستە نەزانەکەیان، مارکسیزم لە ناو مۆزەخانەی خەیاڵ و ئەندێشە دۆڕاوەکانی خۆیان، دادەنێن، و بە خەڵکیش دەڵێن وەرن سەیری ناو مێشکم بکەن، بیبینن!! حەماقەتی ئەو جۆرە کەسانە، هەموو سنوورێکی بڕیوە: ئاخر ئیسلام کە"خوای مەزن و خاڵقی ئەمبەر و ئەوبەر"ی جادەی شیر- زەمینی ئێمە یەکێکە لە ئەستێرەکانی جادەی شیر کە سەرجەم ئەستێرەکانی بەشێکی زۆر گچکەیە لە گەردوون- بە لەشکری مەزنی هەمووو پەری و جنۆکە و ڕەحمان و شەیتانەوە، لەپشتییەتی، کەچی هێشتا سەرنەکەوتووەو چاوەڕوانی ڕۆژی سەرکەوتنن!؛ مەبەستم ئەوەیە، هێشتا زەمینەی ماددی بیرکردنەوەی ئاینی بنەبڕنەکراوە، بۆیە بزووتنەوەی جەماوەری ئاینی ئیسلام و ئاینەکانی تریش بە هەمووو شێوەو ڕەنگی خوا جیاجیاکانیان، هەر لە مانگاخواکانی هیندوستانەوە تا مایکل جاکسون، ماون! ئاخر بۆچی باوی شێوەی بیرکردنەوەی ئاینی و جەماوەری بودایی، جوویی، کاکەیی، یەزیدی، مەسیحی بە هەموو باڵەکانی و ئاینەکان و خواکانی ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ماوە؛ بۆچی هێشتا باوی بزووتنەوە و جەماوەرو بیروبۆچوونی بیرمەندانی کۆنزەرڤاتیزم، فاشیزم، لیبڕالیزم، ...هتد ماوە، تەنها باسی ئەوە دەکەن کە باوی مارکسیزم نەماوە و سەردەمی بە سەرچووو. واقعی ژیانی ڕۆژانەی ئەم گەردوونەو لە دوا کوێرە دێی کوردستانیشدا، هێشتا دووپاتی مەرجەکانی شێوەی ژیانی کۆمەڵگەی کاڵا دەکەنەوە-پێشی بیست ساڵ بە شێوەی عەمەلی لە بابەتەکەی مارکس لەبارەی(کاڵای دراو)، لە ئاوایی(ئولاغلو)، بینی: پێشتر قەت دۆلارم نەبینیبوو، کەچی لە کوێرە دێیەك وەك ئولاغلو، دۆلار بە سەفتە، بە دەستی جووتیاری نەخوێندەواریشەوە، وەك هەر کاڵایەکی تر، ئاڵوگۆڕی پێدەکرا!. بەگشتی، ئەو کۆمەڵگایە، کە مارکس لێتۆژینەوەی لەسەر کردووە و خۆی واتەنی(سەرمایەداران تووشی سەرئێشەیەکی وام کردوون، تا لە ژیاندا مابن، لێی ڕزگاریان نابن)، هێشتا، دوور لە باسی سەرکەوتن و ژێرکەوتنی شیوعییەکان، باڵا دەستە و پرۆژەی مرۆڤایەتی ئیمرۆ، لە ناوبردنی دەورانی، دەسەڵات، ئابووری ورەوشت...هتد ئەم سیستێمەیە!**

**ئەوە سەرمایەیە لەبەر بنبەستی ئاسۆکەی و قەیرانە یەك لە دوا یەکەکانی سیستێمە دیکتاتۆرییەکەی کە لە جەنگ، سۆزانچێتی، بێکاری، چەوسانەوە و داگیرکردن و کێبڕکێی خوێناوی و یەکتر قووتدانەوە بەرجەستە بووە، هێشتا هەر وەك گۆرانییە کوردییەکە(ئەو شەمع من پەروانە، پەروانە، پەروانە)بە دەوری قازانج و پرەنسیپ و ئەنجامگیرییەکانی، دەسووڕێتەوە، بەڵام ئێمە هێشتا لە دەرەوەی ویست و ئارەزووی مارکس و مارکسیزمەکانیش، تا نووسینی ئەم دێڕانەش، تاقە ئەڵتەرناتیڤێن بۆ لە گۆڕانی ئەو وەحشیگەرێتییە باڵادەستە!**

له ڕاستیدا، هیچ شتێك لەناو كۆمەڵگا و سرووشت نییە تووشی ژێركەوتن نەبێ، بۆیە دەبێ باس لە درێژەپێدان بكەین و بە چاوێكی ڕەخنەگرانەوە تەماشای ڕابردووی خۆمان بكەین و بێ ڕەحمانە ڕەخنەی لێ بگرین. بۆ نموونە، ئێمە جاران كۆمونیستی ئینتەرناسیونال هەبوو، سەرمایەداران ڕاستەوخۆ ڕێكخراوێكی جیهانییان نەبوو؛ بەڵام ئێستا دەبینین سەرمایە، خۆی ڕیئۆرگانیزە كردووە و لە چوارچێوەی چەندین ڕێكخراوی جیهانی بانناسیونالیزم خۆیی ڕێكخستووە وەك _مای، ووت، بانقی جیهانی...– و لەوێوە، بڕیارە جیهانییەكانی دەدەن، كەچی ئێمە هێشتا بیری ئەوە ناكەنەوە، لایەنی گەشی ئینتەرناسیونالی كۆمونیزم(بەبێ خوشك و برا گەورە و بچوك!)، دابمەزرێنینەوە!

وەڵامی پرسیاری دووهەم:

كاتێ هێزی گەشداری مێژوو لە قۆناغێكدا، لاواز دەبێ و لە ئەنجامدانی ئەركەكانی دوا دەكەوێ، ئیتر هێزە كۆنەپەرەستەكان دەست بەسەر دنیا ڕادەكەیەنن و بە یەكێك لە خەتەرناكترین چەكانیان(بوار ڕاگەیاندن)، سەركەوتنی هەتاهەتاییان ڕادەگەیەن، هەموو شتێك سەرلەنوێ دەنووسنەوە(سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو، تەزویركردنی بەڵگەنامە و بڕیار و....هتد بە ئارەزووی خۆیان دیكەن) و دەیانەوێ بە هەموو شێوەیەك، هیوای ژیانێكی شایستە بە مرۆڤایەتی، بكوژێننەوە؛ ئەو بڕوایە لە مێشكی مرۆڤەكان بسەپێنن كە خودی مرۆڤ خراپە،"خەتابارە"، نەك شێوەی ڕێكخستنی بەرهەمهێنان و پرەنسیپەكانی بازاڕەكەی!
چۆن دتوانێ حزووری خۆی، گونجاندنی عەمەلی خۆی لە چەرخی بیست و یەكدا بسەلمێنێ؟
ئەزانن چی، بزووتنەوەی ماددی و تەفاعلەكانی، بڕیاردەری سەرەكی گۆڕانكارییە مێژوویەكانە! بۆ نممونە ئەوە كۆمونەی پاریس بوو، ماركسیشی بە ئاگاهێنایەوە(ئەوەندە لە پەرەسەندنی بارودۆخەكە حەپەسابوو وتبووی–ئەوانە هێرش بۆ ئاسمان دەبەن!–، و بەدوایان كەوت! ئەوە هێزی جەماوەری كرێكاران بوو ڕاپەرینەكەی 1905لە ڕووسیا ڕێكخست؛ ئەوە تەقینەوەی ناكۆكییەكانی ناو كۆمەڵگا بوو، جەماوەری بەرەو ڕاپەرینە مێژووییەكەی 1991لە عیراق و كوردستان دایەبەر خۆی! حیزب و سەركردە و لایەنە جۆربەجۆرەكان، لەناو ئەو بزووتنەوەیە خۆیان ڕێكدەخەن و دەبن بە نوێنەری چین و توێژەكانی كۆمەڵگە و ئەجا ئەوانەی خۆیان بە باشی ڕێكخستووە، جەماوەر یەكەمجار ئیجازەیان پێدەدەن وەك ڕێكخەری شێوەی ژیانی"نوێ" حوكمڕانی بكەن!
سەرمایە، لە كاتی سەرهەڵدانییەوە تاكو ئێستا، بانگەوازی ئازادی و یەكسانی، مافی مرۆڤ دەكا، منیش لە پەیوەست بە پرسیارەكەی ئێوەشدا، تەنها پرسیار دەكەم: بۆچی لەسەرتاپای جادە، سوپەرماركت، دوكان، بەردەم خانووەكان، ناو ئۆتۆمبیلەكان، تەلەفۆنی ناوماڵ و مۆبایل و كۆمپیوتەر، بە كامیرا و ئامێری گوێگرتن و سەتەلایت كۆنترۆڵ دەكرێن؟! لە بیرتان نەچێ + دەزگاكانی پۆلیس+ ئەمن + موخابەرات و ئیستخباراتی بوارە دوڵەتییە جیاجیاكان+ شەركەتی ئەهلیش بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوە_ئەوە چەندساڵێكە شەركەتی تایبەتی ئەركی چاودێری لە ناو بازاڕ و قەتار ودوكانەكان...هتد ئەنجام دەدەن(بۆ ئاگاداری، هەندێ كورد لەم بوارە كار دەكەن، هەندێكیان بە شانازییەوە، دەڵێن من شەركەتی تایبەتی خۆمم هەیە و هەندێكیش بە ناڕەخەتییەوە دەڵێن: ئای لەم زەمانە، ئێمە خۆمان لە دژی ئەمن و ئیستخبارات خەباتمان دەكرد، ئێستا ڕۆژگار ناچاری كردووین، لە پێشكەوتووترین دەوڵەتی جیهان، كاری ئەمەن و ئیستخباراتەكان بكەین!.
ئایا ئەمە لایەنێكی نائینسانی ئەم سیستێمە"ئازادخواز و مرۆڤدۆستە" نییە؟ ئەگەر ئازادیخوازن، چ پێویستییەكان هەیە بەم هەموو كۆنترۆڵكردنە؟
ماركس دەمێكە لە(سەرمایە)دا دەڵێ: لە بازنەی برەودا، كاڵا كە هێزی كار دەكڕدرێ و دەفرۆشرێت، لە ڕاستیدا بەهەشتی عەدەنی حەقیقییە بۆ مافە سرووشتییەكانی مرۆڤ و هاوڵاتی. ئەوەی تێدا باڵادەستە، بریتییە لە ئازادی، یەكسانی و موڵكایەتی و بنتام_ماركس بە بنتام دەڵێ: عەبقەری گەمژەیی بۆرژوازی– ئازادی! نە كڕیار و نە فرۆشیاری كاڵایەك لە كاڵاكان، بە شێوەیەك، بە زەبر هەڵسوكەوت ناكا، بە پێچەوانەوە، بە شێوەیەكی خۆویستانە مامەڵەكەیان ئەنجام دەدەن، هەردووكیان پەیمانێك دەبەستن وەك دوو كەسی ئازاد كە هەمان مافیان هەیە. ئەو پەیمانە، بەرهەمی ئەو ئازادییەیە كە ئیرادەكەیان دەربڕینێكی یاسایی بە خۆی وەردەكرێ. یەكسانی! چونكە هەردوو لایان ناچنە ناو پەیوەندییەك لەگەل یەكتر تەنها بە سیفەتەكەیان وەك خاوەن كاڵا و هەردووكیان هاوكێشەیەك بە هاوكێشەیەكی تر دەگۆڕنەوە. موڵكایەتی! هەر لایەكیان بەقەت موڵكایەتییەكەی بەرخورد دەكات...بەڵام ئەگەر لە چركەی دەرچوونمان لەم بازنە ڕەواجە ساكارە كە بە ئاڵوگۆڕی ئازاد و تێگەیشتنەوە، بیروباوەڕەكانی و

شێوەی تێڕوانین و پێوانەی حوکمەکەی لەسەر سەرمایە و چینی بەکرێگرتە، پێشکەش دەکا، دەبینین، وەك دەردەکەوێ گۆڕانکارییەکی دیاریکراو لە شێوەی کەسایەتی ڕوایەتەکەمان ڕوودەدا. دۆستە کۆنە پوولدارەکەمان وەك سەرمایەدارێك لە پێشەوە دەڕوات و خاوەن هێزی کارەکە بەدوایەوە شوێن پێی هەڵدەگرێ. هەر ئەڵێی کرێکاری خۆیەتی. ئەویش بە زیرەکییەکەوە تەماشای دەکات و بایەخی بە قەدوبالای خۆیداوە؛ کرێکارەکەش بە شەرم و دوو دڵی و سەرسووڕمانەوە، وەك مرۆڤێکە پێستی بۆ بازاڕ دەبات و تەنها چاوەڕوانی یەك شت دەکات: پێستەکەی بکوتن!)

سەددەی بیست ویەکەم بە سەرکەوتنی سەرەتایی سەرمایە لە جەنگی سارد، دەستی پێکرد و ئێستا کەوتوونەتە ململانی لەنێو خۆیان. شەڕەکانیان لە بازاڕەکاندا ئەنجام دەدەن، لە ناو وەڵاتەکانیشیاندا، وەهمی ئاینی جۆراوجۆر، بێکاری، سۆزانیی و پۆرنۆگرافی و ڕاسیزم گەشەی کردووە. من نازانم داخۆ چەندی تر مرۆڤایەتی ئەم یەك قوتبییە قبووڵ دەکات و ناکۆکییەکان چۆن چارەسەر دەکەن، بەڵام ئەگەر تەماشای بۆچوونی هەندێ زانای ناو سەربازخانەکەی خۆیان بکەین کە بڕوایان بە ڕیفۆرمکردنە، دەبینن، ترسیان لێ نیشتووەو مەترسی جەنگی ئەتۆمی لەسەریان زاڵبووە و لەو بڕوایەن کە"مرۆڤ" خۆی لەناودەبات!

ئەم بارودۆخە بەخۆی زامنی سەرەکییە بۆ درێژەدان بە خۆ ڕێکخستنی بەهێزتری ژێردەستەکان بەرەو ڕووبەڕوو بوونەوە.

بۆچی کۆمونیست(شیوعی) وچەپەکان لە ئۆروگوای و لە هەژارترین دەوڵەتی ئۆروپا(مۆڵداڤیا)دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن؟ بۆچی لە ڕووسیا نزیکەی 60% پەشیمانی دەردەخەن لە پرۆستریکا و کلاسنۆس؟ بۆچی هەموو دووشەممەیەك لە زۆربەی شارەکانی ئەڵمانیا، پرۆتێست لە دژی ئەجندای 2010 دەکرێ؟ بۆچی ملیونان کرێکار و فەرمانبەری فەرەنسی دەڕژێنە سەرجادەکان و تاقە هێزی سەرەکی بۆ گۆڕانکاری ڕاستەقینە، کۆمونیست و چەپەکانن و تاقە ئاڵای بەرزکراو، ڕەنگی سوورە؟! بۆچی سەددان هەزار کەس و تەنانەت حکومەتی تشیلی بە ڕەسمیش، مەراسیمی کۆچی دوایی سکرتێری حیزبی شیوعی تشیلی بەڕێوە دەبەن؟ بۆچی جاران 10 کەس بۆ کۆبوونەوەکانی بزووتنەوەی ئەنتی کلۆبالیزم کۆدەبوونەوە و ژمارەی بەشداربووانی ئیمساڵ گەیشتە سەددان هەزار کەس؟ بۆچی لە زانکۆیەکانی کوردستانیش قوتابیان لە دژی زانکۆی ئیلیتە پرۆتێست دەکەن؟ چی ڕووی داوە؟ من بڕوا ناکەم، ویژدانی زیندووی مرۆڤایەتی ئەو هەموو تاوانکارییە قبووڵ بکات.

زیاتر چڕبوونەوەی بازنەی بڕیاردانی سەرمایە لە سەر ئاستی جیهان؛ ڕیئۆرگانیزەکردنی بازاڕەکانیان، سیمای ئەم سەردەمە دیاری کردووە؛ گەلحۆیەك وەك بوش بە شێوەیەکی دیکتاتۆری بە ناوی ئومەی ئەمریکییەوە(بۆرسەی نیویورك کۆنزێرە باننسیونالەکان و شەرکەتەکانی نەوت)بە چەك و تفاقی سەربازییانەوە، بڕیار لەسەر جەنگ و ئاشتی سەرمەیەداری دەدا. ئەم واقیعە، ئیمڕۆ یان سبەی زیاتر و زیاتر پۆلی جەماوەری بەرامبەر بۆ مەیدان بانگدەکات. بەڵام حەقیقەتێك هەیە دەبێ ئاماژەی پێبکرێ: لە چەندین ساڵی داهاتوودا، هێزی بزووتنەوەی کۆمونیست(شیوعی)و چەپ لە ناو خودی ئەمریکا، دەوری چارەنووسساز دەبینێ لە بەرەوپێشبردنی ڕەوتی مرۆڤایەتی ئەڵتەرناتیڤ. ئێستا ئیتر، بێجگە لە پرۆتێستە جەماوەرییەکان لە دژی بێکاری، جەنگ، قەرزبارکردنی ژێردەستەکانی گەلان، چارەنووسمان بە پلەی گەشەسەندنی ئەوانەوە، بەند بووە! ئەم بۆچوونە زادەی خەیاڵ نییە!

لەبارەی پرسیاری چوارەم و پێنجەمەوە، بە کورتی بۆچوونێکی مارکس دەهێنمەوە: دەتانەوێ بزانن دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا چییە؟ بڕوانە کۆمۆنەی پاریس!

بەڕاستی سەیرم لێ دێ، چۆن خەڵکانێك بە شانازییەوە، یادی کۆمونەی پاریس دەکەنەوە، بە شانازییەوە باسی ئامانج، هەڵەکان، ویست و ڕێکخستن و ژێرکەوتنی دەکەن، کەچی لەولاوە، دیکتاتۆرییەتی بازاڕ و قازانجی دواکەوتوو و بێ وێنە نامرۆڤایەتییەکەی سەرمایەداری لەبیر دەکەن و لە ژێر کارتێکردنی ڕاگەیاندنەکانیشیان، دژایەتی شێوەی دەسەڵاتی کۆمونەی پاریس دەکەن!

ڕەنگە بۆ هەندێ کەس، کۆمۆنەی پاریس نموونەیەکی زۆر کۆن بێ، بەڵام من لێرە ڕۆژە یەکەمەکانی ڕاپەڕینەکەی 1991 بە بیر دەهێنمەوە! ناوی چی لەو ڕۆژانە دەنێن؟ ئایا ئەو دیکتاتۆرییەتە ناشرین و نا بەجێ بوو؟

وا بزانم، هەموو لایەنێك دەیەوێ دوژمنەکەی جارێکی تر نەتوانێ سەر هەڵداتەوە، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە، دوا چەکی خۆی بەکاردەهێنێت، ئەمەش زۆر بە ڕەوا دەزانم بۆ ژێردەستەکان و شێوەی حوکمڕانییان و تاقە ڕێگایە، دەقاودەق وەك دەسەڵاتی سەرمایە.

لەبارەی کارتێکردنی مارکسیزم لە سەر چەپی کوردستان، دەتوانم بڵێم، حزبێك ناناسم لە لانی کەمەوە لە پەیڕەو و پرۆگرامەکەی، نەینووسیبێ(سوود لە مارکسیزمیش وەردەگرین). حیزبی شیوعی کوردستان، بە گوێرەی گەشەسەندنی باری ڕۆشنبیری

**مارکسیستی، توانیویەتی ڕۆڵێکی باش لە پاراستنی ڕێکخستنی کرێکاران و ژێردەستەکانی کوردستان، ببینێ و لە بڵاوکردنی بیرو بۆچوونی ڕزگارییان لە هەموو جۆرەکانی چەوسانەوە، گلەیی من لەو حیزبە ئەوەیە، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان لە هەندێ بیروبۆچوونی دەرەوەی کۆمونیزم ڕزگار بکەن. با بەخۆیان تەماشای ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆمونیستەکانی جیهان بکەن، وەك ئەوان ڕۆژنامەکەیان دەربکەن!. لە ژێر کارتێکردنی مارکسیزمدا، نموونەیەك وەك هاوڕێی ئارام(شاسوار جەلال)ی گیانبەختکردوو درووست بوو، کەچی ئەمڕۆ دەبینین هاوڕییەکانی دەیانەوێ بەرگی سۆسیال دیموکرات و شەفقەی سەربازی ئەمریکی لە سەر بکەن! بڕوا ناکەم کەس و لایەنێك هەبێ لە کوردستان بەڕێز وحورمەتەوە باسی ئارام نەکا. بۆچی؟ چونکە بەرجەستەی هەڵویست و ڕەوشتی مرۆڤێکی مارکسیستی کرد، ئەو سیفەتانە، کە بە بێ مارکسیزم، مەحاڵە باس لە بەرزی ئارام بکرێت!**

**بەلام ئێمە هێشتا، پاش نزیك بە** 150**ساڵ هێشتا بەرهەمە هەرە گرنگەکانی مارکس بۆ کوردی وەرنەگیڕاوە. ئەم کارە دەبێ بکرێت، ئەوانەی کە بەڵێنیان دا بۆ بەشداری کردن لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلس، با لە ئاستی بەڵێنەکانیان بن!**

**ئیتر ئێمە ڕێگایەکی دوورمان لەپێشە و با خۆمان زیاتر و زیاتر بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و بە شێوەیەکی زانستی درێژە بە ڕێبازی مارکس بدەین، درێژە بە ڕێبازی مرۆڤێك بدین، هێشتا مرۆڤایەتی قەرزاری بەرهەم و بۆچوونەکانییە، مرۆڤێك کە وەرچەرخانی بنەڕەتی لە بیرکردنەوە و بزووتنەوەی کۆیلە مۆدێڕنەکانی ئەم چەند سەدەیە بە بەرهەمهێنا و هێشتا زۆرمان ماوە تا بۆچوونەکانی بۆ ناو ماڵی هەموو ژێردەستەکان ببەین.**

**ئەو نەزانانە کە بە بێ شەرمانە درۆی شاخدار لەبارەی"مەرگ و بێ کەڵکی" مارکسیزم ڕادەگەیەنن، با بڕۆن بە خۆیان لە دۆستەکانیان پرسیار بکەن، ئایا ململانی ئەکادیمی ناو زانکۆکان لە بواری ئابووری، سۆسیولۆگی لە بارەی کێ دەکری؟ ئایا هەموو زاناکانی سەرمایەداری توانیویانە، تیئۆرییەکی نوێ لە بارەی بەها و کاڵا، بهێننە مەیدان؟**

**ڕزگاری ژێردەستەکان، واتە سەرکەوتنی مارکسیزم!**
**بژی یادی هاوڕێ مارکس، بژی کۆمونیزم(شیوعییەت)!**

**سەلام عەبدوڵا**
**داوای لێبووردن دەکەم بۆ کەموکۆڕییەکانی ئەم وەڵامانە، دەکرا بە باشتر و چڕتر و ڕێکوپێکتر وەڵامی پرسیارەکان بدابا، بەڵام.....**